# نەخشی کولتوور لە زماندا

پ. د. شیلان عومەر حسێن
(زانکۆی سلێمانی – کۆلێژی زمان – بەشی کوردی)
( ٢- ٢ )

**٢/١ پێوەندیی زمان و کولتوور:**

زمان هۆکاری پێوەندیگرتن و لەیەکتر گەیشتن و کۆمەڵایەتیبوونمانە، زمان ئامرازی سەرەکییە کە چۆنێتی ژیانمانی پێ بەڕێوەدەبەین، زمان لەگەڵ ئەوەی توخمێکی پێکهێنەری کولتوورە، لە هەمان کاتیشدا ناواخن و کرۆکی کولتوور لەخۆدەگرێت، وشەکان کە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاریان دەهێنین، جگە لەوەی گوزارشت لە بیرۆکە، یان ڕووداو، یان دیاردە، یان... دەکەن و دەیگوێزنەوە، پێڕەوی پۆلێنکردنی بوون و هەبووەکان لەڕوانگەی ئەزموونی ئێمەوە بەکۆد دەکەن و کردەیەکیش لە جیهانی واقیعیدا بەجێ دەهێنن، چونکە ئەمان ئاماژە بە کۆگایەک لە زانیاری زمانی دەدەن و ئەو وشانەی کە خەڵکی دەریان دەبڕن ئاماژەن بۆ ئەزموونی باو و زانیاری و بیروباوەڕ و هەڵوێست کە کەسانی دیکە هاوبەشی دەکەن، لەمەشەوە زمان دەربڕی واقیعی کولتوورییە، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ تەنیا لەڕێی زمانەوە ئەزموون دەرنابڕن، بەڵکوو هەر لەڕێی زمانیشەوە ئەزموون بەرهەم دەهێنن، بۆ ئەمەش لایەنی زارەکی و نازارەکی زمان لە بەرجەستەکردنی واقیعی کولتووریدا پەسندکراوە، کەواتە زمان بەهێماکەر و بەجەستەکەری کولتوورە.

بەگشتی زمان پێڕەوێکە لە هێمای تایبەت پەیوەست بە هەر گرووپێک، ئەم سروشتەی زمانیش بەهایەکی کولتووری بۆ خۆی فەراهەم کردووە، قسەپێکەران لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە خۆیان و ئەوانی تر دەناسێنن، لەمەشەوە زمان بووەتە ناسنامەی تاک، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەرانییەوە وەک ڕەتکردنەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگ و ڕەسەنایەتییان دایدەنێن و وابەستەی یەکترن، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان و نۆرمەکانی گونجاندنی کۆمەڵایەتی بەرهەمی جڤاتی بەکارهێنەرانی زمانن، چونکە کولتوور هەم مرۆڤەکان لە بیرچوونەوە و نادیاربوون و هەڕەمەکییەکانی سروشت ڕزگار دەکات و هەم بە سەپاندنی پێکهاتە و بنەمای هەڵبژاردن سنووردارییان دەکات، لەمەشەوە کولتوور

دوو کاریگەری لەسەر تاک هەیە چ وەک ڕزگارکەر و چ وەک سنووردارکەر.

ئەو کەسانەی خۆیان وەک ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتی دەناسێنن (خێزان، گەڕەک، پیشە، نەتەوە)، کارلێکەکانیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی هەمان گرووپ ڕێگەی هاوبەش بۆ تێڕوانین لە جیهان بەدەست دەهێنن، ئەم بۆچوونانە لەڕێگەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە (خێزان، دامەزراوەی فێرکاری، شوێنی کار، دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان، ڕاگەیاندن) بە درێژایی ژیانیان بەهێزتر دەبن، هەڵوێست و باوەڕ و بەها باوەکان لە شێوازی بەکارهێنانی زماندا ڕەنگدانەوەی ئەندامانی گرووپەکەن، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی چی دروستە و چی نادروستە، ئەمەش دوو چەمکی نوێی هێناوەتە ئاراوە، کە (جڤاتی قسەیی)یە، کە لە کەسانێک پێکهاتووە هەمان کۆدی زمانی بەکاردەهێنن، (جڤاتی/ کۆمەڵگەی گوتاری) ئاماژە بەو ڕێگا باوانە دەدات، کە ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی زمانی پێ بەکاردەهێنن (جگە لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوە و جۆری دروستە و سەرەوڕیزبوونی وشەکان، شێوازی ئاخاوتن و ئەکسێنت...) لەو ڕێگایانەن کە زمانی پێ بەکاردەهێنین، بۆ نموونە لە بۆنەی کۆمەڵایەتی سڵاوکردن لەلای کورد بەم شێوازە هەواڵی یەکتری دەپرسین.

- سڵاو، چۆنیت؟ تەندروستیت چۆنە؟

بەڵام هەمان بۆنەی کۆمەڵایەتی لای گرووپێکی کۆمەڵایەتی وەکوو وڵاتی چین، بەم شێوەیە:

- سڵاو، چۆنیت؟ نانت خواردووە؟

لەمەشەوە سێ چین بۆ کولتوور دەستنیشان کراوە:

١) چینی کۆمەڵایەتی (سینکرۆنی).

٢) چینی مێژوویی (دیاکرۆنیک).

٣ چینی خەیاڵ و وێناکردن.

کۆمەڵگەی گوتاری نەک هەر تەنیا بە بابەتە بەرجەستە و ڕاستییەکان تایبەتمەندن، بەڵکوو بە خەونی هاوبەش و خەیاڵی بەدیهاتوو و بەدی نەهاتووش پێکی دەهێنێت و هەر زمانە ناوەندی ئەم نێوەندگیرییەیە، لەمەشەوە کولتوور بە ئەندامبوون لە کۆمەڵگەیەکی گوتاریدا پێناسە دەکرێت کە فەزا و مێژوویەکی کۆمەڵایەتی هاوبەش و خەیاڵ و خەونی هاوبەشیان هەیە، ئەمەش بەڕوونی لەکاتی کۆچکردن، یان بەجێهێشتنی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەردەکەوێت، بەوەی ئەندامەکانی لە هەر شوێنێک بن، پێڕەوێکی هاوبەش ستانداریان بۆ هەستکردن، باوەڕکردن، هەڵسەنگاندن و مامەڵەکردن هەیە و داکۆکی لێ دەکەن، ئەم پێوەرە ستانداردانە ئەوانەن کە بە کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە دادەنرێن. کولتوور بەرهەمی پێکهاتە گوتارییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانە، کە تاڕادەیەکی زۆر پێکهاتەی خەیاڵین و لەلایەن زمانەوە ڕەنێوهێنراون و لەقاڵب دراون و زمانی کۆمەڵێک و دەستکەوتە ماددییەکانی نوێنەرایەتی میراتێکی کۆمەڵایەتی و سەرمایەیەکی ڕەمزی دەکەن کە خزمەت بە پێوەندییە کولتوورییەکان دەکەن.

**٢/ ١-١ واتای هێمای زمانی:**

دەپرسین ئایا هێما واتای هەیە؟ کاتێک دەڵێین (شێرەکە هات) هەریەک لەم وشانە ئاماژەبەندی خۆیانیان هەیەو ئاماژەن بۆ واقعێکی پێناسەکراو و بۆ واتاکانیان دەتوانین لە فەرهەنگ و وشەنامەکاندا تەماشابکرێن (کرۆکەواتا)ن، لەلایەکی ترەوە واتای (شێر) زیاترە لەوەی کە هەر ئاماژە بێت بۆ ئاژەڵ، بەڵکوو پەیوەستە بەو پێوەندییە تێکچڕژاوانەی لە ئاوەزی

ئاخێوەراندا هەن و دەوروژێن، ڕەنگە شێر واتای (ئازایەتی، مەردایەتی، بوێری) بگەیەنێت و ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕاستەوانە بگونجێت، هەموو واتاکانی وشەیەک لە کرۆکە واتاکان (یەکەم جۆری واتایە کە لەکردەی زمانپژاندندا فێری دەبین و بە واتای فەرهەنگی و سیمانتیکیش ناوبراوە و واتای سەرەکییە و هەموو جۆرەکانی تری واتا لەسەر ئەم باردەکرێن و زیاددەکرێن) و توێکڵە واتاکان (بە واتای بارکراو و واتای لاوەکی و واتای سەربار و واتای نافەرهەنگیش دیاری کراوە و بریتییە لەو جۆرەی واتا کە زیادی دەکەین بۆ واتا بنەڕەتییەکە کە کرۆکە واتایە) وەری دەگرن.

جگە لە کرۆکەواتا و توێکڵەواتا، جۆری سێیەمی واتامان هەیە و وشەکان دەتوانن هەبووەکانیان بنوێنن، ئەمان وەک هەموو ئاماژەپێدەرەکان، نەک هەر تەنیا ئاماژە بە هەبووەکانیان دەدەن و پێیانەوە پەیوەستن، بەڵکوو دەتوانن وێنەی ئایکۆنیشیان بن، ئەمانەش لە زماندا بە وشەی ئۆنۆماتۆپی ناسراون و بەو وشانەی زمان دەوترێت کە دەنگەکانیان، فۆرمەکانیان ڕەنگدانەوەی واتاکانیان بن، یان ئۆنۆماتۆپیا وشە لاساییکەرەوەکانی دەنگە سروشتییەکانن و بەهێماگەریی دەنگ ناوبراون، وێنەی دەنگی دیاردەکانی سروشت وەک (هاژەی ئاو و چریکەی بلبل و نێڵەی ئاگر و میاواندنی پشیلە...)، وێنەی دەنگی کەرەستەکانی وەک (سیرەی سەماوەر و کیرەی مەنجەڵ و جیرەی دەرگا و...)، وێنەی دەنگی مرۆڤ وەک (پرخە و مشە و قاقا و نرکە و ناڵە...)، نموونەی دیارن لە زمانەکاندا، بۆیە هەموو هێمایەکی زمانی، چەندان پێوەندی لەگەڵ هەبووەکەیدا هەیە و دەگونجێت لە یەک کاتدا کرۆکەواتا و توێکڵەواتا و واتای ئایکۆنی بێت.

**٢/ ١-٢ بەکۆدکردنی کولتووری لە زماندا:**

هەر سێ جۆری هێماکان هاوتا و پەیکاڵی ئەو ڕێگایانەن کە ئەندامانی کۆمەڵگەیەکی گوتاری دیاریکراو دنیابینی و ئەزموونەکانیان پێ بە کۆد دەکەن.

لەم ڕوانگەیەشەوە کۆد شتێک نییە کە بتوانرێت لە واتاکەی جیابکرێتەوە، بەو واتایەی هێمای جیاواز بە ڕێگەی جیاواز دنیابینییەکانمان ئاماژە پێ دەدات، هەروەها بەکۆدکردنی کولتووری بە تێپەڕبوونی کات لە هەمان زماندا لە گۆڕاندایە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی (شۆخ) نزیکەی (٧٠) ساڵ پێش ئێستا بە واتای (بەدڕەوشتی و سۆزانی) بۆ ئافرەت بەکاردەهات، بەڵام ئێستا لە واتایەکی نەرێنییەوە گۆڕاوە بۆ ئەرێنی و واتای (جوان و شەنگ) دەگەیەنێت، یان وشەی (خواردنەوە)، لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بۆ هەموو شلەمەنییەکە کە بخورێتەوە، بەڵام ئێستا واتاکەی تەسک بووەتەوە و تایبەت کراوە بە خواردنەوەی مەی، لەمەشەوە دیاردەی واتەگۆڕکێ لە زماندا بەرجەستەی ئەم گۆڕانی کولتوورییە دەکات، هەروەها کۆدکردنی ئەزموون لە سروشتی ئەو کۆمەڵە کولتوورییانەدا جیاوازن، بۆیە هێمای زمانی جیاواز دەیاننوێنن، بۆ نموونە وشەی (مردن، ڕۆح، عەقڵ) هەریەک لەمانە بەپێی ئەزموونکردنیان لەناو کولتوورەکانیاندا چەمکی جیاواز دەدەن، تەنانەت لەناو هەمان کۆمەڵگەی قسەییدا، هێماکان بەها و واتای جیاوازیان بۆ کەسانی کۆمەڵگەی گوتاری دەبێت.

وشەکان وەک ئایکۆنی کولتووری ئاماژە بە چەمک و هەبوو و کەس... دەدەن. ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە ئەو جیاوازییەی لەنێوان زمانە جیاوازەکاندا هەن، تەنیا جیاوازی لە خودی کۆدەکەدا نییە، بەڵکوو بۆ لەخۆوەیی

واتـای سـیمانتیکی بـۆ ئـەم کۆدکردنـە جیاوازانـە دەگەڕێتـەوە، کـە لەلایـەن جڤاتـی بەکارهێنەرانـی زمانـەوە بەکۆدکـراون، ئەمـەش ئـەو مەبەسـتانەیە هێمـای زمانـی دەکاتـە هێمایەکـی کولتـووری.

**٢/ ١-٣ سروشتی هێما:**

هێمـاکان هیـچ پێوەندییەکـی سروشـتییان بـە جیهانـی دەرەوە نییـە، بۆیـە لەخۆوەییـن، ئـەم لەخۆوەییـە هێمـای زمانییـە کە لـە تواناییاندا هەیە لەلایـەن ئەندامانی کۆمەڵگـەی گوتارییەوە لە ڕووی کولتوورییـەوە دیـاری بکرێـن، بـە کۆمەڵایەتیبـوون بـۆ کۆمەڵگەیەکـی گوتاریـی دیاریکـراو بریتییـە لـەوەی کـە ئاماژەبەندەییەکانیـان لـە کارەکـی کردنـدا بـە تـەواوی سروشـتی دەربکـەون.

لەگـەڵ تێپەڕبوونی کاتـدا هێمـاکان سروشـتی و ئاسـایی دەبنـەوە، هێمـای زمانـی لەباریانـدا هەیـە لـە چێـوەی کۆمەڵایەتـی و مێژوویـی و پیشەناسـی خۆیـان دەریـان بهێنیـن و واتاگۆڕکێیـان پـێ بکەیـن، ئەمـەش دەکەوێتـە سـەر چۆنێتـی بەکارهێنانیـان، بڕوانـە وشـەی (گەندەڵـی)، بەتایبەت ئەو وشانەی کـە لەلایـەن سیاسـەتمەدار و دیپلۆماتکارانـەوە بەکاردەهێنرێـن، ڕەنگـە بەشـێکی کرۆکەواتـا و توێکڵەواتاکانیـان لەدەسـت بـدەن و لـە دەربـڕی بابەتـی زۆر گـەورەوە بوونەتـە هێمـای ئاسـایی، بڕوانـە (جینۆسـاید، کۆمەڵکـوژی، کیمیابـاران..) دووبارەبوونـەوەی ئـەم هێمایانـە بـە تێپەڕبوونـی کات کەڵەکەبوونـی واتـا دروسـت دەکـەن و نـەک هـەر یادگـەی هێمای بەکارهێنـەران چێـوە دەدات، بەڵکـوو قورسـایی و ڕەوایەتـی بـەم هێمایانـە دەبەخشـێت.

هەمـوو هێمایەکـی زمانـی، سـێ جـۆر پێوەنـدی هەیـە:

**یەکـەم:** پێوەندی هێمـای زمانی بە هێمابۆکراوەکەیەوە، ئاکامـی ئـەم پێوەندییـەش واتـای سـیمانتیکی بەرهـەم دێت.

**دووەم:** پێوەنـدی هێمـای زمانـی بـە هێمـای زمانـی تـرەوە، کـە واتـای سینتاکسـی بەرهـەم دێنێـت.

**سێیەم:** پێوەندی هێمای زمانی بە بەکارهێنانی لـە دەوروبـەردا، کە واتای پراگماتیکی دێنێتەکایەوە، ئەمـەش وای کـردووە، هێمـاکان توانایـی گۆڕینیـان هەبێت و بەکارهێنانی هێماکان ڕێگە بە ئاخێوەرانی بـدات ڕووداوەکانی ڕابـوردوو لـە ئێسـتادا بگێڕێتـەوە و چێوەیـەک بـۆ پێشـبینیکردن دابنێـت و پێـش ڕووداوەکانی داهاتـوو بکەوێت، ئـەم جـۆرە سـازدان و بنیادنانـەوەی چێـوە و دەوروبـەرەکان کـە لـە ڕێی بەکارهێنانـی هێماکانـەوە دەبێـت، بەکارهێنەرانـی زمـان دەتوانـن ژینگەکەیانی پـێ ڕێژیبکـەن.

فـرە بارەیـی کولتـووری دەبنـە هێمـای چەسـپاو و کاریگەرییـان لەسـەر ئاخێـوەران دەبێـت، زۆربـەی ئـەو شـتانەی ئێمـە پێیـان دەڵێیـن ئایدیۆلۆژیا لـەم ڕووەوە و زمانـی هێماییـە، شـێوازی یەکتربڕینی زمان لەگـەڵ دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتـی وادەکات هەندێـک هێمـای کولتـووری لـە بەکارهێنانـدا ڕەوا دەربکـەون، واتـە هەندێـک سروشـتی بـن و هەندێـک تابـۆ، بـۆ نموونـە ئەگـەر پارتێـک نەیارانـی بـە یاخـی بـوو لـە قەڵـەم بـدات، لایەندارانـی بەتـەواوی بـە سروشـتی دەزانـن، بڕوانـە وشـەی (شـەهید) بـۆ قوربانیانـی جەنگـی نێـوان دوو دەوڵـەت، هەردووکیـان قوربانیەکانیـان بـە شـەهید دادەنێـن.

واتـای وشـەکان هـەم بـە جیهـان و هـەم بـە وشـەکانی تـرەوە پەیوەسـتدارن، بـواری سـەرچاوەی سـیمانتیکی کۆمەڵگەیـی قسـەیی دادەڕێـژن و ئـەم بـوارە سـیمانتیکییە بـەردەوام لـە ڕێگـەی بەکاربردنـی لـە چێوەی کۆمەڵایەتیدا زەنگین دەبێت و گۆڕانیشـی بەسـەردا دێـت و دەگۆڕێـت.

هێماکان لەنێوان وشە و هەبووەکاندا پێوەندی واتایی کرۆکەواتا و توێکڵەواتا و ئایکۆنی دادەڕێژن، کە واتای گشتی بە جیهان دەبەخشن، جگە لەوەش هێماکان پێوەندییە واتاییەکان لەگەڵ هێمای تردا لە ژینگەی ڕاستەوخۆی زارەکیدا، یان لە چێوەی مێژوویی کۆمەڵگەیەکی گوتاریدا دادەڕێژن.

دروستکردنی واتا لە ڕێگەی هێماکانەوە لەخۆوە نییە، بەڵکوو بە خواستی مرۆڤ بۆ ناسینەوە، دەستەڵات و هێز، کاریگەری و پاڵنەری گشتی بۆ مانەوەی کولتووری و کۆمەڵایەتی ڕێنمایی دەکرێت، بۆیە واتا لە زماندا بەمەبەستێک بە کۆد دەکرێت، واتا وەک هێما پەیوەستە بەو چێوەیەی کە هێماکان بۆ ڕێکخستنی کردەی مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێن، لەمەشەوە زۆر ئەستەمە کە هێڵێکی ڕوون لە واتای سیمانتیکی کۆد و واتای پراگماتیکی کۆد لە چێوەی هەمەجۆری بەکارهێناندا بکێشین، ئەمە بووە بنەما بۆ ئەوەی واتا وەک کردە پێناسە بکرێت، نەک وەک وشە، د. فاوستی دەڵێت: "واتا لە وشەدا نییە، بەڵکوو لە کردەدایە". چونکە ڕاستەوخۆ ناتوانین واتای هیچ دەربڕاوێک لێک بدەینەوە تا نەگەڕێینەوە بۆ کردەی زارەکی، کارلێکی قسەکەر و گوێگر، نووسەر و خوێنەر و بۆنەی وتن و شوێن و کات و دەوروبەری وتن. لەم ڕوانگەیەشەوە بۆ چۆنێتی دروستبوونی واتای کولتووری دەبێت لە ڕێگەی کردە و کارلێکی ئاخێوەران لە چێوەی کۆمەڵایەتیدا لەبەرچاو بگیرێت.

بۆیە دەبێت واتای سیمانتیکی/ فەرهەنگی هێما زارەکییەکان بەواتای پراگماتیکی کردە زارەکییەکان لە دەوروبەرەکاندا تەواو بکرێن، چونکە بۆ ئەوەی تێبگەین کە چی ڕوودەدات تەنیا بەس نییە لە واتای فەرهەنگی وشەکان تێ بگەین و بزانین و بیاننووسین، مرۆڤ دەبێت بۆ پڕاوپڕی تێگەیشتن لەوە بگات کە بۆچی ئەو وشەیە دەردەبڕین، چۆن و بۆچی و بۆ کێ و لەکوێ و کەی و لە چ چێوەیەکی دیاریکراوی بارودۆخدا دەری دەبڕین، چونکە بەکارهێنەرانی زمان دەتوانن نەخشەی بەریەککەوتنی زارەکی بۆ هەر کردەیەک بهێننەوە کە بەهۆی کۆمەڵایەتیبوونیانەوە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا گەشەیان کردووە.

هەر لە منداڵییەوە فێربووین کە هەندێک کردەی قسەیی بە شێوەیەکی شیاو لە ڕووی کولتوورییەوە بەرجەستە بکەین، وەک وتنی (سوپاس، دەستخۆش) لە وەڵامی وەرگرتنی دیاری، یان کۆمەککردن، فێری ئەوە بووین کە بە شێوەی جیاواز لەگەڵ کەسانی پلە جیاواز قسە بکەین و سووکایەتی پێ کردن لە دەستخۆشی کردن جیابکەینەوە، ئەمانە بۆ ئێمە بوونەتە سروشتی دووەم و ئێمەی لە ئەزموونی فیزیکیمان بۆ دیاردەکانی دەوروبەرمان هەڵمانگواستووە. ئەم ئەزموونە تێڕوانین و لێکدانەوەمان بۆ جیهان دەپاڵێوێت.

بەکارهێنەرانی زمان، نەک هەر فێری لێکدانەوەی هێماکان و کارپێکردنیان نەبوون، بەڵکوو ئەوان بەپێی هێماکان فێری چاوەڕوانیکردنی ڕەفتارەکان بوون، وەک چۆن کەسێک قسە دەکات، دەبێت ئەوانی تر گوێی لێ بگرن، یان لەکاتی بانگکردندا بچیت بەدەمیەوە، ئەم چاوەڕوانییە لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر جیاوازە.

هەموو ئەمانەش لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆیانە لەناو کولتوورەکانیاندا، مرۆڤ کۆزانینەکانی پەیوەست بە جیهان ڕێک دەخات و ئەو کۆزانینە بۆ پێشبینیکردنی لێکدانەوە و پێوەندییەکانی پەیوەست بە هەر زانیاری و ڕووداو و ئەزموونێکی

نوێ کە پێش دێت بەکاردەهێنێت، بەگشتی دروستەی چاوەڕوانیکردن لە ئاوەزی ئاخێوەراندا بەهۆی ئەو کولتوورە دامەزراون کە تێیدا دەژین و بە سکێما، یان چێوە ناونراوە، بۆیە ئەو وشانەی کە بەکاریان دەهێنین بە چەندان شێوە بە چوارچێوەی بارودۆخی کولتوورییەوە بەستراونەتەوە، لەبەر ئەوە پاشخانی کولتووری و چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەن بۆ لێکدانەوەی قسەکردن، لەمەشەوە پێوەندیگرتنی زارەکی و نازارەکی بە ئاماژەکانی بەدەقبوون دادەنرێن و ڕۆڵی کارایان لەم بوارەدا هەیە.

پێوەندی دەقبەستی سیمانتیکی وشە بە وشە دەبەستێتەوە، بەڵام پێوەندی دەقبەستی پراگماتیکی قسەکەر بە قسەکەر لەناو چوارچێوەی کولتووری پێوەندیگرتندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەمەشەوە بەکارهێنانی زمان وەک کردەیەکی کولتووری پەسندکراوە، لەبەر ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێگایانەیە کە تاکێک کاردەکاتە سەر تاکێکی تر لە ڕێگەی کردەیی قسەیی و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی زمان وەک دەستخۆشیکردن و سوپاسگوزاری و... هەروەها بەکارهێنەرانی زمان ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە هاوبەشانە دروست دەکەن کە وەک ئەندامی کۆمەڵگەی گوتاری پێناسەیان دەکەن.

کەواتە پێڕەوی هێماکان، کە کولتوور پێک دەهێنن، بەهۆی کردە زارەکییەکانەوە کە بەهۆی هێماسازەکانەوە لەگەڵ یەکتردا کارلێک دەکەن، کارایانە بنیاددەنرێن، لە پێکهاتەی واتادا، لێکدانەوەی ڕووداوەکان، بناغەی لە ئەزموون و بواری پەیبردنی هەر کەسێکدا داڕشتووە. نموونەی ئەمەش بەکارهێنانی ئاماژە کۆمەڵایەتییەکانی وەک (جێناو و ئامرازەکانی بەستنەوە) کە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە ئاخێوەران خۆیان لەگەڵ چوارچێوەی کولتووریدا پێ ڕێک دەخەن، ڕێگاکانی گەیاندنی واتای زمانی چ وەک هێما و چ وەک کردە بەپێی ئەو ناوەندەی بەکاری دەهێنێت جیاوازە، بەتایبەتی ناوەندی قسەکردن.

ئێمە بەهۆی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ئاخاوتنەکانمانەوە، کولتوور لە سەرانسەری گفتوگۆکانی ڕۆژانەماندا بنیاد دەنێین، لەمەشەوە کولتوور جێبەجێی، یان پەنجەمۆری خۆی دەخاتە سەر شێوازی گفتوگۆ و گێڕانەوەی ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتی، ئەم شێوازانەش بەگشتی بە بەشێک لە ناسنامەی کولتووری مرۆڤەکان دانراون کە زمان دەربڕ و هەڵگر و بەرجەستەکەریەتی و پاراستنی نەریتی مێژوویی و ڕێژیکردنی یادەوەری کۆکراوە و کەڵەکەبووی فەرهەنگی و دەستەڵات و توانینی لێکدانەوەی دیاردە و ڕووداوەکان هەموویان بەهۆی زمانەوە بەرجەستە دەکرێن و دەنوێنرێن.

### ٢/ ٢ ناسنامەی کولتووری:

بەگشتی لەخۆوەیی هێمای زمانی و پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگە گوتارییەکەی و ئەو سەرمایە هێمایەی پەیوستە بە بەکارهێنانی زمانێکی دیاریکراو و بە پوختی وابەستەیی زمان بە ناخی مرۆڤ خۆی بۆ پێوەندییەکی ئاڵۆزی نێوان زمان و ناسنامەی کولتووری ئاراستەمان دەکات. ناسنامەی کولتووری پێوەندیکردنی سروشتی نێوان زمانی ئاخاوتن و ئەو تاکانەی گرووپی کۆمەڵایەتی کە قسەی پێ دەکەن، دەبێتە ناسنامەی ئەو گرووپە. ئاخێوەران بە تەوژمی ئاخاوتن/ ئەکسێنت، وشەدانیان، تەرزی گوتار و شێوازی دەربڕین و ئاخاوتنیان، پێناسەی خۆیان دەکەن و وەک ئەندامانی کۆمەڵگەی گوتاری، یان

قسەیی دەناسرێنەوە، لەم ئەندامێتییەوە هێز و توانایی و شکۆ و شانازی وەردەگرن.

شێوازی گوزارشتکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕێگەی شێوەیەکی دەستکردی زمانەوەیە کە بە زمانی ستاندارد دیاری کراوە، کاتێک جۆرێک لە زمان وەک نیشاندەرێکی جیاوازی نێوان گرووپێک لە بەرانبەر گرووپێکی تردا هەڵاوێر دەکرێت و دەتوانرێت لە ڕێگەی ڕێزمان و فەرهەنگییەوە لە گۆڕانکارییەکان بپارێزرێت و لە ڕێگەی پێڕەوی پەروەردەیی نیشتمانییەوە فێربکرێت، ئەوە بە زمانی ستاندارد دانراوە.

لە سەردەمی یۆنانی کۆندا هەرکەسێک زمانی یۆنانی نەبووبێت، پێیان وتووە بەربەری، واتە نامۆیەک لە کولتووری نزمەوە هاتووە، بەربەریەت زاراوەیەکە بۆ ئاماژەدان بە بەکارهێنانی هەر زمانێک کە هەمیشەیی و ڕاستی و ڕەوایی و بێگەردی زمانی ستاندارد بشێوێنێت و لەکەداری بکات. لە هەندێک وڵات خراپ بەکارهێنانی زمانی ستاندارد، نەک تەنیا وەک خوڕەی زمانی و بەدبەختی زمانی دادەنرێت، بەڵکوو تاوانی ئاکاریش دیاری کراوە، بۆیە زمانی ستاندارد پارێزەر و شکۆپێدەری پیرۆزی کولتووری هەر نەتەوەیەکە، زمان هەستیارترین نیشاندەری پێوەندی نێوان تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، زمان بەشێکی دانەبڕاوە لە خۆمان و هەموو بوون و بنیادمان دەگرێتەوە.

لەمەشەوە پرسی زمان و کولتوور لە خوێندنی زماندا و لەم سەردەمەدا بە گەرمی مشتومڕی لەسەرە، لەبەر ئەوەی زمان بیرکردنەوەکانمانە و بیرەکانیشمان سەرچاوەی شێوازی ڕەفتارکردنمان و کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری ئەوانی دیکەیە.

هەر کردەیەکی زمانی، پێگەی بەکارهێنەرەکەی لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا لە کولتوورێکی دیاریکراودا بەیان دەکات، لە ڕێگەی گۆڕینی کۆد و بەزاندنی زمان بە هەموو جۆرەکانییەوە قسەکەران ئاماژە بەوە دەکەن کە کێن و دەیانەوێت لە ساتەوەختی گوتنەکەدا چۆن سەیریان بکرێت، بۆیە ڕەفتاری زمانی، وەک زنجیرەیەک کردەی ناسنامەیی کە مرۆڤەکان هەم ناسنامەی کەسی خۆیان و هەم گەڕانیان بۆ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پێ ئاشکرا دەکەن و پەسند دەکرێت.

**٢/ ٣ نەخشی کولتوور لە زماندا:**

زمان ڕێنماییکەری واقیعی کۆمەڵایەتیمانە، هەموو بیرکردنەوەکانمان لەبارەی پرسە کۆمەڵایەتییەکان و ژیان بەگشتی مەرجدار و کۆتوبەند دەکات و بە گشتی مرۆڤ لە ژێر بەزەیی زمانیدایە، لەبەر ئەوەی جیهانی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی نائاگایانە و ناڕاستەوخۆ لەسەر خودی زمانی ئاخێوەرانی گرووپەکەی بنیادنراوە، هیچ جووتزمانێک ئەوەندە لە یەک ناچن کە بە نوێنەرایەتی هەمان واقیعی کۆمەڵایەتی هەژمار بکرێن.

پێڕەوی زمانی و ڕێزمانی هەر زمانێک تەنیا ئامرازێکی بەرهەمهێنانەوەی دەربڕینی بیرەکان نییە، بەڵکوو خۆی داڕێژەری بیرەکان و پێڕەوی زمان و ڕێزمانەکەی ئاوەزمەندی ئاخێوەران بەرجەستە دەکات، داڕشتنی بیر، کردەیەکی سەربەخۆ نییە و کردەیەکی ئاوەزییە و بەشێکە لە ڕێزمانی زمانەکە و ساپیر دەڵێت: زمان دیاریکەری شێوازی بیرکردنەوەمانە.

لە هەمان کاتدا بەکارهێنەرانی زمان بەهۆی ڕێزمانی زمانەکەیانەوە جیهان و کۆمەڵ و دەوروبەریان دیاری دەکەن و لەناو ئەو کۆمەڵەدا بە نیشانەلێدراو دادەنرێن و بەو شێوەیە نیشانەیان لێ دەدرێت، بۆ ئەمەش ساپیر دەڵێت: بیر

و بۆچوونەکانمـان لـە خـووە زمانییەکانمانـدا گەڵاڵـە کـراون و نوێنـراون و لەمەشـەوە زمـان بـە بیرێکـی دەنگـدار و گۆکـراو دادەنرێـت، وۆرفیـش لـەو باوەڕەدایـە کـە ڕێزمانـی زمانەکـە بیـر و بۆچوونەکانمـان لـە قاڵـب دەدات و بەرجەسـتەیان دەکات و دەیاننوێنێـت، لەمەشـەوە وتـراوە کولتـوور و فەرهەنگـی هـەر نەتەوەیـەک پەنجەمـۆری خـۆی لـە زمانەکـەدا دەنەخشـێنێت.

بـە پوختـی ئـەو یەکانـەی نەخشـی کولتـوور لـە فەرهەنگـی زمانـدا بەرجەسـتە دەکـەن، بریتیـن لە:

١ – لـە ئاسـتی فەرهەنگـی زمانـدا، کـردەی ناونـان، پۆلکـردن...

٢ – لەئاسـتی جەنگسـازیدا، چۆنیەتی سـازکردنی دەنگـەکان و بێژەکردنیـان و گۆکردنیـان، هێـز و ئەکسـێنت و..

٣ – لە ئاسـتی وشەسـازیدا، بەشـەکانی ئاخاوتن، چۆنیەتی ڕۆنانی وشـە...

٤ – لـە ئاسـتی سینتاکسـدا، چۆنیەتـی سـەرەوڕیزبوونی کەرەسـتەی زمانـی، توخـم، جێنـاو، ئامـرازی بەسـتنەوە...

٥ – لـە ئاسـتی سـیمانتیکدا، وەک کرۆکـە واتـا و تویکڵەواتـا و دیـاردەی واتاگۆڕکـێ و ئیدیـەم و میتافـۆرو تابـۆ..

٦ – لـە ئاسـتی پراگماتیکـدا، هەمـوو بـوارە پراگماتیکـەکان وەک کـردەی قسـەیی و..

٧ – زانیارییـە نازمانییـەکان، یەکێکـی تـر لـە ئامـاژە کۆمەڵایەتییـەکان، بەکارهێنانـی جێنـاوە کەسـی و شـێوەکانی تریتـی. لێکۆڵینـەوە لـە جێنـاوەکان ڕسـتێک واتـا و ئامـاژەی دەروونـی کۆمەڵایەتـی دەخاتـە ڕوو، لەبـەر ئـەوەی واتـا شانبەشـانی بـزواوی کۆمەڵایەتـی و فەرهەنـگ و بیـری ئـەو نەتەوەیـە گەشـە دەکات و پێکـەوە هاوتەریبانـە ڕێ دەکـەن.


**سەرچاوەکان:**

**١. بەزمانی کوردی:**

١. ڕازاو یاسـین ئەحمـەد، مۆرفۆسـیمانتیکی ئۆتۆماتۆپیـا لـە زمانـی کوردیـدا، ماسـتەرنامە، زانکـۆی سـلێمانی، ٢٠٢٣.

٢. شاخەوان جـەلال حاجـی فـەرەج، تابـوو لـە زمانـی کوردیـدا، سـلێمانی، ٢٠١٢.

٣. شـۆخان محەمـەد حەمەکەریـم، پراگماتیکـی پێوەندیکردنـی نازارەکـی لـە زمانـی کوردیـدا (زمانـی جەسـتە) وەک نموونـە، ماسـتەرنامە، زانکـۆی سـلێمانی، ٢٠٢٣.

٤. شـیلان عومـەر حسـێن، ئیدیـۆم و چەشـن و پێکهاتنـی لـە زمانـی کوردیـدا، مەڵبەنـدی کوردۆلۆجـی، سـلێمانی، ٢٠٠٩.

٥. شـیلان عومـەر حسـێن، زانسـتی زمانـی کارەکـی، سـلێمانی، ٢٠٢١.

٦. محەمـەدی مەحـوی، زانسـتی هێمـا، هێمـا، واتـا و واتـا لێکدانـەوە، سـلێمانی، ٢٠٠٩.

**٢. بە زمانی ئینگلیزی:**

1. Clair Kramsch ,Language and Culture, 2009, , Oxford University Press, New York.

2. Sonia Nieto, Langauge, Culture, and Teaching, 2010, New York, London.

3. The Routledge Handbook of Language and Culture,2015, Routledge.

4. Vesna Mikolic, Languae and Culture in the Intercultural World,2020, Cambridge.



*** ئـەم توێژینەوەیـە، لـە یەکەمیـن فیسـتیڤاڵی ڕامـان، لـە هەولێـر، ٢٩- ٢٠٢٣/١١/٣٠ پوختەکـەی پێشـکەش کـراوە.**